# بەرەی کوردستانی و قسەیەکی ڕاشکاوانە

ئەنوەر محەمەدی

کۆمەڵە لە مێژووی سێ دەیە لە خەباتی خۆیدا هێزێکی ڕاستگۆو شەفاف بووەو هەموو مەسەلە گرینگ و هەستیارکانی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ڕاشکاوانە لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵك هێناوەتە گۆڕێ. هەر بۆیەش هەمیشە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووەو هەرچی هاتووە خۆشەویستتر بووە.پێکهێنانی بەرە یەکێك لەو خاڵە گرینگانەیە کە چەند ساڵێکە کۆمەڵە هەڵسوڕاوانە کاری بۆ دەکا.لەو ماوەیەداو لە پێناو پێکهینانی بەرەدا ئێمە گەلێك کۆبوونەوەمان لە گەڵ حیزبی دێمۆکرات بووە .هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵە پێی باش بوو دوای دانیشتنەکان ڕوو لە جەماوەری خەڵك بڵێین نەتیجەی کۆبوونەوەکانمان چی بووە ، لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە پێش ئەگەر وایە بۆ چی تا ئێستا کۆمەڵە لەو بارەوە بە ڕوونی نەدواوە . هۆکاری ئەو بیدەنگیە ئەوە بوو حیزبی دیموکرات داوایکرد ئەنجام و ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان تا بە ئاکامێك دەگەین ڕانەگەیەنین. ئەم داوایە لەچەند کۆبوونەوەدا لە لایەن سەرکردایەتی ح د ك ئێرانەوە دووبارە کراوەتەوە .ئێمە لەبەربەرژەوەندی گشتی و بەڵکو حیزبی دیموکراتیش بیانوویەکی نەمێنێ وبۆ ئەم ئەرکە گرینگە بێتە پێشێ تا بەڵکو بتوانین خزمەتێکی گەورەتر بە ڕووەو پێشچوونی خەباتی ڕەوای ئەم سەردەمەی گەلەکەمان بکەین، لەو ڕوانگەیەوە ئەوەمان قەبووڵ کرد کە ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان باس نەکەین، بەڵام هەر وەك دەبینین لە چەند وتووێژێکدا کەسانێك لە ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات ڕاستیەکان دەشێوینن،بۆیە بەپێویستمان زانی هەندێ ناڕاستی ڕاست کەینەوەو مەسەلەکان وەك خۆیان بگێڕینەوە کە لە کۆبوونەوەکاندا بوون. پێکهێنانی بەرە لە چەندساڵی ڕابردوودا مەسەلەیەکی گرینگ بووەو خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەلات بۆ باشتر بەرەو پێشچونی ئەو بزووتنەوە ڕەوایەو کۆکردنەوەی هێزی هەموولایەك لە بەرەیەکدا ئارەزویان بووە هەرچی زووتر پێك بێ، کۆمەڵەش وەك هێزێکی سەرەکی بە ئەرکی مێژووی خۆی هەستاوە وهەوڵدان وکارکردنی بۆ پێکهێنانی بەرەی خستە دەستووری کاری خۆیەوە، لەم پێناوەدا هەر لە سەرەتاوە لە ناوخۆی تەشکیلاتدا کۆنفرانسی بۆگرت و لە چەندین وتاردا پێویستی لایەنە جۆراوجۆرەکانی زەرورەتی پێکهێنانی بەرەی شیکردەوەو ئامادەگی خۆی وەك یەکێك لە هێزە سەرەکیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات نیشان دا.

مەیدانێکی دیکە کە کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی بەرە هەوڵی تێدادا، هێنانە گۆڕی ئەوباسە بوو لە گەڵ حیزبەکان و کردنی بە بەحسی دانیشتنەکان بە تایبەتی لە گەڵ حیزبی دێمۆکرات وحیزبەکانی دیکەش ، سەرئەنجام ئەم هەوڵانەی کۆمەڵە گەیشتە ئەو ئاستە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات پلاتفۆرم ئالوگۆڕبکرێ و لە دوای چەند دانیشتنی سەرکردایەتی هەردوولا، بەو ئەنجامە گەیشتین کە کۆمیسیۆنێك پێویستە پێك بێ تا بتوانێ گەلالە پێشنیارکراوەکانی هەردوولا تاوتوی بکاو بە نەتیجەیەك بگەن وسەرئەنجام بیدەنەوە بە سەرکردایەتی خۆیان تا بڕیاری لە سەر بدەن .

هەر بەو مەبەستە چوار کەس لە هەردوولا وەك کۆمیسیۆن دیاریکران کە بریتی بوون لە کاك حسێن مەدەنی وکاك باباعەلی مێهرپەروەر لەح د ك ئێران و هاوڕێ ئەبوبەکری مودەڕسی وئەنوەری محەمەدی لەکۆمەڵە ،ئەگەر باشم لەبیرمابێ کۆمیسیۆن سێ کوبوونەوەی گرت وبە بڕوای من کاری کومیسیونەکە بە باشی دەچووە پێشەوەو لەکارەکانیدا سەرکەوتووبوو، ڕەنگە کەم کەس بڕوا بکا کەئەو کۆمیسیۆنە لە سێ کۆبوونەوەدا توانیبێتی لەسەرهەشتاوپێنج لەسەدی هەردوو گەلاڵەکە ڕێکبکەون و زمانی هاوبەشیان بۆ بدۆزنەوە ،بەلام وەك چاوەڕوان دەکرا لە نیوەی کۆبوونەوەی سێدا هەیئەتی ح د داوایان لە هەیئەتی کۆمەڵە کرد کار لەسەر گەلاڵەکان ڕاگرێن، وەك خۆیان وتیان بچینە سەر ئەوە بزانین حیزبی دێمۆکرات لەو بەرەیەدا دەورو جێگای چییە، هەیئەتی کۆمەڵە بە ناسینی حیزبی دێمۆکرات چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەوان مەسەلەیەکی وا مەترەح کەن ، ئیمە زۆرمان هەوڵدا کە ئەو چەند خاڵەش کە ماوە تەواوی کەین و زمانی هاوبەشیان بۆ بدۆزینەوەو دواتر بچینە سەر ئەوە بزانین میکانیزمی بەڕێوەبردنی بەرە چۆنە، ئەو کات لەسەر ئەو مەسەلەیەش دیالۆگ دەکەین وڕێگایەکی گونجاو دەدۆزینەوە. بەلام هەیئەتی ح د ك بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو درێژە بە باس لە سەر باقی بەندەکانی گەلالەکان بدەین و داخوازی جایگای حیزبی دێمۆکرات لە بەرەدا چییە، هێنایانە دەستوری کۆبوونەکەوە .ئێمە سەرەڕای ئەوە پێمان وا بوو کاتی ئەوە نییەو بەحسێکی جیاوازە، دواتر لە گەڵ حیزبەکانی دیکە پلاتفۆرمە پێشنیارکراوەکان دینینە گۆڕێ ولە سەر ئیدارەو چۆنیەتی بەڕێوە بردنی بەرە ئالوگۆڕی بیروڕا دەکەین ومیکانیزمێکی شیاوو گونجاو دەدۆزینەوە. بەلام دوای پێداگری زۆری ئەوان ڕێگەماندا بەحسەکە بکرێتەوە و داوامان لە هەیئەتی حیزبی دیموکرات کرد مەبەستەکەیان ڕۆشنتر بلێن و پێشنیارەکانیشیان باس بکەن .

بە کوردی وکورتی وتیان ئەگەر بەرەیەك یا ئێتلافێك پێك بێ حیزبی دێمۆکرات داوا دەکا ماف وبەشی لە حیزبەکانیتر زیاتر بێ وبە جۆرێکیتر داوای سەرۆکایەتی بەرە دەکا (واتە بێ هەڵبژاردن کۆمەڵە وحیزبەکانی دیکە وکەسایەتیەکان لە بەرەدا قەبوول کەن ح د گەورەی هەموو لایەکە ) بۆ ئەم مەرجەیان هیچ دەلیلیکی مەنتقییان نەبوو کە بۆ ئەوان لە بەرەدا لە سەروو خەڵکەوە قەرار دەگرن .

هەموو نموونەوئیستدلال و بەڵگەیەکی ئەوان بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکرات لە هەموو لایەك گەورەترە، ئەوە بوو کە ساڵی پەنجاوهەشت هەڵبژاردن کراوەو بە قەولی خۆیان ئەوان لە کۆمەڵە دەنگیان زیاتر هێناوەتەوە. ئێمە ئەو کاتیش بەمجۆرە ولاممان دانەوەو وتمان ئەوەڵەن لەو کاتەوە تائیستا بیست وپێنج ساڵ گوزەراوەو هەروەها ئەو هەڵبژاردنە لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوو نەك لە هەموو کوردستان، لەو جێگایانەش کە شوێینی نفوزی کۆمەڵە بوو ئێوە شێواندتان وکۆمەڵە ئەو کاتیش ئاکامی هەڵبژاردنەکەی قەبووڵ نەکرد، تەنانەت ئەگەر قەبووڵکەین ئەو سەردەم ئێوە دەنگتان زیاتر هێناوەتەوە، لە سەدا چەندی ئەو خەڵکە لە ژیاندا ماون کە دەنگیان بە کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات داوە ، نەسلێکی نوێ ئێستا حەقی دەنگدان وبڕیاردانیان هەیە کە ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگا نەبن لانیکەم نیوەی ئەوانەن کە حەقی دەنگدانیان هەیە، چۆن دەکرێ لە سەر دەنگی مردووان حیساب بکرێ بەلام حیسابێك بۆ زیندووان نەکرێ ،پێمان وتن ئێستا لە دونیادا هەر پارلمانێ ئەگەر دە ڕۆژ زیاترلە وادەی دیاریکراوی خۆی بمێنێتەوە بە پارلمانێکی ئێکسپایەر بە حیساب دێت. بۆ ئەو دەنگانەی بیست وپێنج ساڵ لەوەو پێشی ئێوە تەواو بوونی نییە؟ پێمان ڕاگەیاندن ئەگەر ئێمە وحیزبەکانی دیکە لە هەر ئێستاوە بێ هەڵبژاردن قەبووڵ بکەین کە ئێوە گەورەترن نە پێکهینانی بەرە پێویستە و نە هەڵبژاردن لە داهاتوودا.

سەرەڕای ئەوانە ئێمە کۆمەڵێك پێشنیاری گونجاومان پێڕاگەیاندن کە لێرەدا باسی دەکەم تا هەمووکەس ڕاستیەکان بزانێ و ئەو لایەنە بناسرێ کە کۆسپ درووست دەکا لە بەردەم پێکهێنانی بەرەدا. ئەو پێشنیارانەی لە لایەن کۆمەڵەوە کرا بریتی بوو لەمانە:

یەکەم:بەرە لە کوردستانی باشور چۆن پێکهات ئێمەش وا بەرە دروست بکەین، بۆنمونە ئەگەر ئەحزابی گەورەو بچووك لەبەرەدا دەنگی یەکسانیان بووە ئەوە هەڵدەبژێرین‌و ئێمە قەبووڵمانە، ویا ئەگەر حیزبە سەرەکییەکان مافی زیاتریان بووەو ئەحزابی بچوك مافی کەمتریان بووە ئێمەش ڕێگایەکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوەو کاتێ لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش کۆ دەبینەوە ئەوە چارەسەر کەین .

دوهەم: ئێمە مەجلیسی حوکممان لە عێراق بە نموونە هێنایەوە کە هێزە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی عیراق مانگانە ودەورەیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنیان دەکرد و ئەوەش شێوەیەکە دەکرێ کەڵکی لێ وەرگرین.

سێیەم : ئێمە ئیتحادیەی ئورووپامان بەنموونە هێناوە کە دەورەیی بەڕێوە دەچێ و ولاتی زۆرچکۆلە لەنۆبەی خۆیدا سەرۆکایەتی یەکێتی ئورووپا دەکا کە ولاتانی گەورەی وەك ئاڵمان ،بریتانیا و فەرانسەی تێدایە ئەوەش نموونەیەکە ئێمە قەبوڵمانە.

چوارەم :کاتێ هەموو ئەو پێشنیارانە ولامێکیان وەرنەگرت ، ئاخرین پێشنیاری کۆمەڵە ئەوە بوو ئەگەر ئێوە ئەو چەند پێشنیارە هیچیان قەبووڵ ناکەن با جەمعێك ماموستای زانکۆ بانگ بکەین و پێیان بڵێین ئیمە چەند حیزب دەمانهەوێ بەرەیەك پێك بێنین ئەوان بە هەرجۆرێك بڵێن ئێمە ڕازین. بەلام سەرکردایەتی حیزبی دێمۆکرات و کۆمیسیۆنەکەیان هەموو ئەو پێشنیارە گونجاوانەیان ڕەد کردەوەو لە سەر ئەو هەڵوێستەی خۆیان مانەوە . تائێستاشی لە گەڵ بێ حیزبی دێمۆکرات بێجگە لەو داوایەیان کە هەموو کەس بێ هەڵبژادرن گەورەیی حیزبی دێمۆکرات بسەلمێنێ هیچ پێشنیارێکی دیکەیان نەبووە.

خاڵێکی دیکە کە ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات ناڕاستەوخۆ کۆمەڵەی پێ تاوانبار دەکەن لە نووسین و وتووێژەکانیاندا ئەوەیە دەڵێن کۆمەڵە حازر نییە بێجگە لە حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ لایەن وخەڵکانی دیکە دانیشێ. بۆ ناڕاستی ئەم ئیدیعایانەی حیزبی دێمۆکرات پێویستە چەند شت وەبیر ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات بێنینەوە، ئێمە نایشارینەوە کۆمەڵەو ح د دەتوانن لەسەرەتاوە پێکەوە بناغەیەکی باش دارێژن وببنە هەوێنی پێکهاتنی بەرەو ئێمە ئەوە بە ئاسانکارییەکی بەجێ دەزانین بۆئەوەی سەرکەوتن بە دەس بێنین لەو ئەرکەماندا .بەلام ئەگەر هیچ کەس نەزانێ خۆ حیزبی دێمۆکرات چاك دەزانێ چەندین جار ئەوەمان بە حیزبی دێمۆکرات وتووە ئەگەر وا ناکەن با هەموو لایەنەکان بەشدار بن وە کەسی لێ دەرنەهاوێین. بۆ ڕاستی ودروستی ئەم هەڵویستەی کۆمەڵە نموونەیەکی تازەو زیندوو دەهێنمەوە .

دوای ئەوکۆنفرانسەی(کونفرانسی بۆ سەر بەخۆیی کوردستان )لە لایەن knc ( ڕێکخراوی کوردەکانی ئەمریکای باکور ) کە لە هەولێرو سلێمانیە گیراو هاوڕێ عەبدوڵلای موهتەدی وتارێکی گرینگی تێدا پێشکەش کردو لەوێشدا بۆ جارێکیتر مەسەلەی بەرەی هێناوە گۆڕێ، دوای ئەو کۆنفرانسانە بوو کاك سامان شاڵی سەرۆکی knc بەئەرکی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی هەستاو سەری هەموو حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاتیداو ویستی ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت ئەو حیزبانە هەموویان لە دەوری یەك کۆببنەوە، ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان دژی هاتنی هیچ لایەنێك نەبووین، بە پێچەوانە ئەوە حیزبی دێمۆکرات بوو سیاسەتی دەبێ ئەو لایەنە ببێ و نابێ ئەوی دیکە ببێتی بە کار هێنا، ئەوە کۆمەڵەش بوو دژایەتی ئەو هەڵوێستە ی کرد ووتی هیچ لایەنێك بۆی نییە لە هەرئێستاوە دیاری بکا کێ بێ و کێ نە یە. مەگەر ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێمۆکرات نەبووە هۆی ئەوە ئەو هەولانە سەر نەگرن؟ ئەوان زۆرجاریش لە وتوێژەکانیاندا ویستویانە مەسەلەی هاتن ونەهاتنی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست بخەنە ئەستۆی ئێمە، بەلام با حیزبی دێمۆکرات بتوانێ یەك نموونە باس بکا کە ئێمە لە کام کۆبوونەوەی ئێمە و ئەواندا وتوومانە دژی هاتنی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستین، بە پێچەوانە هەموو جارێ پێمان وتوون نەك دژی هاتنیان نین بەڵکو هاتنیان بە باش دەزانین، ئەگەر وا نەبووە با بیسەلمێنن .

نزیك بە ساڵێك لەوەوپێش ئەوە کۆمەڵە بوو پێشنیاری ئەوەی کرد لە گەڵ حیزبی دێمۆکرات پێکەوە داوا لە حیزبەکان و کەسایەتیە دیارەکان بکەین بۆ گرتنی کۆنفرانسێك لە کوردستان بۆ دیالۆگ لەسەر پێکهێنانی بەرە، ئەو پێشنیارەش چونکە لە لایەن کۆمەڵەوە مەترەح کرا ڕەد کرایەوە.ڕاستیەکان بەم جۆرەیەو ئەوە کۆمەڵە نییە کە نایهەوێ لە گەڵ لایەنەکانی دیکە دانیشێ بەڵکو ئەوە شەرت و مەرجەکانی حیزبی دێمۆکراتە کۆسپە لەبەردەم پێکهێنانی بەرەدا .

**پێشنیارەکانی کۆمەڵە بۆ حیزبی دێمۆکرات بۆ پێکهێنانی بەرە بریتی بوون لە: بەرە لە کوردستانی باشور چۆن پێکهات ئێمەش وا بەرە درووست بکەین، ئێمە مەجلیسی حوکممان لە عێراق بە نموونە هێنایەوە کە هێزە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی عیراق مانگانە ودەورەیی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنیان دەکرد و ئەوەش شێوەیەکە دەکرێ کەڵکی لێ وەرگرین، ئێمە ئێتحادیەی ئورووپامان بەنموونە هێناوە کە دەورەیی بەڕێوە دەچێ و ولاتی زۆرچکۆڵە لەنۆبەی خۆیدا سەرۆکایەتی یەکێتی ئورووپا دەکا کە ولاتانی گەورەی وەك ئاڵمان ،بریتانیا و فەرانسەی تێدایە ئەوەش نموونەیەکە ئێمە قەبوڵمانە، کاتێ هەموو ئەو پێشنیارانە وڵامێکیان وەرنەگرت ، ئاخرین پێشنیاری کۆمەڵە ئەوە بوو ئەگەر ئێوە ئەو چەند پێشنیارە هیچیان قەبووڵ ناکەن با جەمعێك ماموستای زانکۆ بانگ بکەین و پێیان بڵێین ئێمە چەند حیزب دەمانهەوێ بەرەیەك پێك بێنین ئەوان بە هەرجۆرێك بڵێن ئێمە ڕازین. بەڵام سەرکردایەتی حیزبی دێمۆکرات و کۆمیسیۆنەکەیان هەموو ئەو پێشنیارە گونجاوانەیان ڕەد کردەوەو لە سەر ئەو هەڵوێستەی خۆیان مانەوە**

**بە کوردی وکورتی وتیان ئەگەر بەرەیەك یا ئێتلافێك پێك بێ حیزبی دێمۆکرات داوا دەکا ماف وبەشی لە حیزبەکانی تر زیاتر بێ وبە جۆرێکیتر داوای سەرۆکایەتی بەرە دەکا (واتە بێ هەڵبژاردن کۆمەڵە وحیزبەکانی دیکە وکەسایەتییەکان لە بەرەدا قەبووڵ کەن ح.د گەورەی هەموو لایەکە) بۆ ئەم مەرجەیان هیچ دەلیلیکی مەنتقییان نەبوو کە بۆ ئەوان لە بەرەدا لە سەروو خەڵکەوە قەرار دەگرن .**